
ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# کتێبێك لەبارەی بارزانییەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بەرگی یەکەمی کتێبی "مەسعوود بارزانی.. تەمەنێک لە سەروەری". چاپ و بڵاوکرایەوە و بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵدا بەرگی دووەمیشی چاپ بکرێ.

کتێبەکە هەوڵێکی سیروان عوسمانە بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەڵوێست و وتانەی کە مەسعوود بارزانی لە بۆنە و یادەکاندا یان لە کۆنگرە ڕۆژنامەڤانییەکاندا پێشکەشی کردوون. نووسەری کتێبەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەموو نەتەوەیەکی سەرکەوتوو، گوێیان لە پەند و حیکمەت و وتەی زانا و پیاوی سیاسی و بیرمەندی خۆیان ڕاگرتووە و بۆ بەڕێوەبردنی ژیان بە مانا فراوانەکەی سوودی لێوەرگرتووە و پەیڕەوی کردووە. کۆمەڵگای کوردی ئەوەندە گوێی لە وتە و بیری زانایانی بێگانە ڕادەگرێت، هێندە سوودی لە بیرمەندی سیاسی و پیاوی زانای ناو کۆمەڵگای خۆی وەرنەگرتووە. چاپکردنی ئەم کتێبە لەو پێناوەدایە کە لەمەودوا کۆمەڵگای کوردی سوود لە بیرمەندانی خۆی وەربگرێت".

کتێبەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر و لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپکراوە.

# زانا خەلیل کتێبە نوێیەکەی دەبەخشێتە ماڵی کتێب




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

«کە پیاو عاشق دەبێ، لە ڕاوچییەوە دەبێتە نێچیر» ناوی بەرهەمێکی نوێی شیعریی زانا خەلیل، نووسەر و شاعیرە و بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە.

زانا خەلیل، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: «ناونیشانی تازەترین کتێبم نزیکەی 300 ئەفۆریزمی خۆمە لە 100 لاپەڕەدا، بە تیراژی 500 دانە لە تاران چاپ دەکرێت». گوتیشی «کتێبە نوێیەکەم وەک دیارییەک بۆ هاوکاری دەبەخشمە ماڵی کتێب لە هەولێر کە دەستەیەک نووسەر و کتێبدۆستن، مانگانە خۆبەخشانە کۆمەک کۆدەکەنەوە و کتێب بۆ کەسانێک چاپ دەکەن کە دەرفەتی چاپکردنی کتێبەکانیان نییە».

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەفۆریزم (Aph-orisms) یان حیکمەت و پەند: بیرۆکەیەکی سەربەخۆیە، لە ڕستەیەک یا چەند ڕستەیەکی کورتدا سەبارەت بە بابەتێک دەردەبڕدرێ. بە واتایەکی دیکە ئەفۆریزم چڕکراوەی ڕەنج و کۆششی بیرە لە چەند وشەیەکی کەمدا، زۆرترینجار بە جوانبێژییەکی شیعریی واتادار و چڕ دەردەبڕدرێ.

زانا خەلیل خاوەنی چەندین بەرهەمی شیعرییە و تاوەکو ئێستا 29 کتێبی چاپ و بڵاوکردووەتەوە

# (دەریاس و لاشەکان) هێشتا مۆڵەتی چاپی فارسیی وەرنەگرتووە




## مەریوان هەڵەبجەیی: لە هەوڵداین مانگی داهاتوو مۆڵەت وەرگرێ

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

تا ئێستا مۆڵەتی چاپی فارسیی ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)ی ڕۆماننووس بەختیار عەلی لە ئێران ڕەزامەندی لەسەر نەدراوە، ئەگەرچی وا بڕیار بوو نوسخە فارسیەکەی لەگەڵ کوردییەکەدا بڵاو بکرێتەوە. وەرگێڕەکەی دەڵێت لە هەوڵدان مانگی داهاتوو مۆڵەتی چاپ وەربگرێ.

دەریاس و لاشەکان، نوێترین ڕۆمانی نووسەر و ڕۆماننووس بەختیار عەلییە و دوای سێ مانگ، چاپی یەکەمی بە کوردی تەواو بوو و چاپی دووەمی کرایەوە، هەر زووش وەرگێڕدرایە سەر زمانی فارسی، بەڵام تا ئێستا مۆڵەتی وەرنەگرتووە.

مەریوان هەڵەبجەیی، وەرگێڕی ڕۆمانەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "چەند مانگێک پێش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکە بە کوردی، من سەرقاڵی وەرگێڕانی بووم بۆ فارسی تا بتوانین لەگەڵ کوردییەکە لە ئێرانیش بڵاوبێتەوە، بەڵام ئەوە شەش مانگ زیاترە وەڵامم وەرنەگرتووە."

گوتیشی: "تا ئێستا نە گوتوویانە چاپ نابێت نە گوتوویانە با ئەم لاپەڕە و پەرەگرافانەی تێدا نەبێت، چەند جارێک داواکاریم پێشکەش کردووە، هەفتەی داهاتووش بە هەمان شێوە داوا دەکەمەوە، هیوادارین بتوانین مانگی داهاتوو مۆڵەتی چاپی بۆ وەربگرین".

مەریوان هەڵەبجەیی پێشتر هەریەکە لە ڕۆمانەکانی: دواهەمین هەناری دونیا، جەمشید خانی مامم و ئێوارەی پەروانەی بۆ فارسی وەرگێڕاوە و لە ئێران دەنگدانەوەیەکی زۆریان هەبووە.

# هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال کرایە فارسی




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کۆمەڵە چیرۆکی (پەراوێزەکانی ئەورووپا) کە هەڵبژاردەیەکە لە باشترین چیرۆکەکانی فەرهاد پیربال، لە تاران لەلایەن ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سالسەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. پاش ڕێوڕەسمی بڵاوبوونەوە و واژۆی کتێبەکە لەناو پێشانگای نێودەوڵەتیی تاران، هەفتەی پێشوو لە شاری کتێبی کرماشان مەراسیمی واژۆکردن و ناساندنی کتێبەکە بەڕێوەچوو، وا بڕیارە لە چەند شارێکی تری ئێرانیش کۆڕی واژۆکردنی بەڕێوەبچێت.

مەریوان هەڵەبجەیی، وەرگێڕی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند «فەزای کۆچیرۆکی پەراوێزەکانی ئەورووپا پرسی شوناس، تەنیایی، مەرگ، شەڕ، کۆچ، ژیانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە تاراوگە بە قووڵی کاریگەری خستووەتە سەری. چیرۆکەکان لە قۆناغی جیاوازی ژیان و ئەزموونی نووسەردا نووسراون. لە سەرەتای کارکردنییەوە، واتە لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان تا کۆتایی نەوەدەکان لەخۆ دەگرێت».

گوتیشی: «پەراوێزەکانی ئەورووپا پێنجەم کتێبی فەرهاد پیربالە کە کردوومە بە فارسی. فەرهاد لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە ئێران ناوێکی دیار و درەوشاوەی ئەدەبیاتی کوردی بووە و وەک نووسەرێکی ڕەزاسووک و چالاک و خاوەن شێوازی تایبەت ناسراوە».

بەرهەمەکانی فەرهاد لە ئێراندا هەمیشە ڕووبەڕووی گرفتی سانسۆر و قەدەغەکردن بوونەتەوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکەش بە سانسۆرەوە پاش پانزە ساڵ لەم مانگەدا بڵاوبووەوە.

# تینای عەتا محەممەد لە ئێران بڵاودەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کۆمەڵە چیرۆکی «تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان»ی عەتا محەممەد کرایە فارسی و لە ئێران بڵاوکرایەوە.


ئەو بەرهەمە کە لەلایەن محەممەد ڕەزا کەلهوڕ و نەجمەدین براخاس کراوە بە فارسی و لەلایەن وەشانگەی ئەفراز بڵاوکراوەتەوە، بەختیار عەلی پێشەکی بۆ نووسیوە.

بەرهەمەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمیان چیرۆکەکان لەخۆدەگرێ و بەشی دووەم پاشکۆکانە کە لە ژێر ناونیشانی «خوێندنەوە جیاوازەکان» لە کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە. ڕەخنەی یەکەمی ئەو بەشە لەلایەن بەختیار عەلی، ئەدیب و نووسەری کورد، نووسراوە و تێیدا لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە لێکدەداتەوە. ڕەخنەی دووەمی کتێبەکە لەلایەن نوخشە عەبدوڵڵا نووسراوە، ڕەخنەی سێیەمیشیان هی محەممەد ڕەزا کەلهوڕ، نووسەر و ڕەخنەگری کرماشانییە کە تێیدا باس لە تەکنیک و سەرچاوەکانی گێڕانەوەی چیرۆکەکان دەکات.

گێڕەرەوەی «تینا» باوکێکە کە شەوێک ناچار دەبێ لەڕووی دەفتەرێکی سپییەوە چیرۆک بۆ تینای کچی بگێڕێتەوە، وەک شەهرەزاد بەسەرهاتی خۆی بۆ کچە خەولێکەوتووەکەی دەگێڕێتەوە و دواجار 10 چیرۆکی لێدەرچووە.

عەتا محەممەد ساڵی 1970 لە سلێمانی لەدایکبووە، لە نەوەدەکانەوە دەستی داوەتە چیرۆک و دواتریش ڕۆماننووسین.

وەشانگەی ئەفراز لەبارەی کتێبەکەوە نووسیویەتی: «ئەوەی لە یەکەم بەرکەوتن لەگەڵ عەتا محەممەد سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، فۆرمی بەرهەمەکە، تێکەڵکردن و لە کۆتاییشدا دروستکردنی هەمەکییەتێکی ناوازەیە. زمانی چیرۆکی تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان کورت و سادە و پوختە. بەوەش دەرفەت بە خوێنەر دەدات لە پەیوەندیی بونیادی ڕستەکان تێبگات».



# لەبارەی زاراوەناسی

**حەمە مەنتک**



بابەتی زاراوە و زاراوەناسی جێی تێڕامانی زمانەوانە کۆن و نوێیەکان بووە. زاراوە ڕۆڵێکی گەورە لە گەیاندنی مەعریفە و زانیاری و بەیەکگەیاندنی نەوەکاندا دەبینێت. ئەم زانستە پێویستییەکە، زانستێکە لەبارەی پێوەندیی نێوان چەمکە زانستییەکان و ئەو دەربڕینە زمانیانەی گوزارشتی لێ دەکەن. هەر ئەم گرینگیە وای کردووە چەند ناوەند و دەزگای تایبەت بەو بوارە دروست ببن. بۆ نموونە ناوەندی زانیاریی زاراوەناسی (INFOTE-RM) لە ڤییەنا، نووسینگەی زمانی فەرەنسی، کۆمەڵەی زمانی عەرەبی لە قاهیرە. لە سەرەتای سالانی حەفتای سەدەی ڕابردوو لە عێراق کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا دامەزرا، کە یەکێک لە ئیشەکانی داڕشتن و توێژینەوە بوو لە زاراوەی زمانی کوردی.

لەڕووی چەمک و زاراوەوە، لە کوریدا پۆلێنی تایبەت بۆ زاراوەناسی نییە. لە زمانی ئینگلیزی و تەنانەت عەرەبیشدا چەمکەکان پۆلێن کراون. بۆ نموونە: القاموس/ المعجم- Dictionary کە لە کوردیدا زاراوەی فەرهەنگمان بەرانبەری هەیە. زاراوەی الموسوعە- Encyclopedia، لە کوردیدا هەر زاراوە ئینگلزییەکە، ئینسایکلۆپیدیای بۆ بەکاردێت. زانستی فەرهەنگیش زاراوەی (لێکسیکۆلۆجی- Lexicology) بۆ بەکاردێت. زاراوەی (تێرمینۆلۆجی- Terminology) بۆ زانستی توێژینەوە لە زاراوە دێت. لە زمانی عەرەبیدا جوایەزی لە نێوان ئەوانەدا هەن. لە کوریدا بۆ زاراوەی (معجم و قاموس) زاراوەی فەرهەنگ بەکاردێنین کە لە بنەڕەتدا جیاوازییان هەیە. زاراوەی (القاموس) واتە لێکدانەوەی وشە بە وشە، بەڵام (المعجم) لە (القاموس) فراوانترە و واتای زاراوەکان بە ڕستە و چەندین وشە دیاری دەکرێت. هەرچی ئینسایکلۆپیدیا (الموسوعە)یە لە هەردوو زاراوەکەی پێشتر فراوانترە، بەوەی زانیاریی تەواوەتی لەبارەی ئەو زانستە، ئەو زاراوەیە دەخرێتەڕوو. واتە لە ئینسایکلۆپیدیا شتەکان ڕاڤە دەکرێن، بەڵام لە دوو چەمکەکەی دیکە زاراوەکان واتایان لێکدەدرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە زۆر لە توێژەرانی ئەورووپی و عەرەبی جیاوازییان لە نێوان دوو چەمک لەم بوارەدا کردووە. یەکەمیان Terminology/Terminologies لە عەرەبی دەبێتە (المصطلحیە) و دووەمیان Terminography/Terminorgaphie و لە عەرەبیدا زاراوەی (المصطلحاتیة)یان بۆ داناوە. یەکەمیان ئەو زانستەیە کە توێژینەوە لە پێوەندیی نێوان چەمکە زانستی و زاراوە زمانییەکان دەکات. هەرچی دووەمە هەوڵێکە بۆ ڕێکخستن و تۆمارکردنی زاراوەکان بە شێوەیەکی زانستی، هاوکات تۆمارکردنی سەرچاوە و زانیارییەکانی پێوەند بەو زاراوەیە و بڵاوکردنەوەیان لە شێوەی فەرهەنگێکی تایبەت. لە زمانی کوردیدا دەکرێ بۆ زاراوەی یەکەم تێرمینۆلۆجی زاراوەی زاراوەناسی و بۆ دووەمیان تێرمینۆگرافی زاراوەسازی بۆ پێشنیاز بکەین. بەوەی یەکەمیان لە زاراوە وەک زانست دەکۆڵێتەوە و دووەمیان لە داڕشتن و بنەچە و ڕیشەی زاراوەکان دەکۆڵێتەوە.

زۆرن ئەو توێژەرانەی گرینگییان بە بابەتی ئیپستمۆلۆجی داوە. ئەو توێژینەوانە هەوڵێک بوونە لە پێناو دەرخستنی چۆنیەتی دامەزراندن و داڕشتنی زاراوە و چەمکەکان، دیاریکردنی سنووری مێتۆدی و مەعریفیی بابەتیانەی ئەم بابەتە. لەو ڕوانگەیەوە زاراوە دەبێتە کلیلی تێگەیشتن لە هەر زانست و پسپۆڕییەک. بۆیەش لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا وەها پێناسەی کراوە: ((زاراوە، وشە، یان ڕستەیەکە کە وەسفی شتێکی دیاریکراو دەکات، یان گوزارشتە لە چەمکێک. هاوکات ئەو ماوە کاتیەیە کە بەردەوامی ئەو زاراوەیە دیاری دەکات.)) [Concise Oxford English Dictionary: 2002: 1478] لەم پێناسەیەوە ئەوە دەردەکەوێت کە چەمکی زاراوە دەلالەتێکی کاتەکی (زمنی) هەیە، یان وشەیەکە، چەمکێکە دەلالەتە لە بوارێکی تایبەت. کەواتە زاراوەکان ناون بۆ چەمکەیلی دیاریکراو. ئەوەی دەبێتە پنتی جیاوازی زاراوە، ڕوونیەتی بۆ ئەو چەمک و واتایەی دەلالەتی لێ دەکا. زاراوە لەبەرئەوەی لەناو کاتدا دەژی، بۆیەش بە گوێرەی بوار و پسپۆڕی گەشە دەکات. کەواتە دەتوانین وەها پێناسەی ئەم زانستە بکەین. زاراوەناسی هەوڵێکە بۆ ڕێکخستن و تۆمارکردنی زاراوەکانی تایبەت بە زانستێک لە زانستەکان. هاوکات ڕاڤەکردن و دانانی هاوواتا و پێناسەکردنیان چ لە هەمان زمان، یان زمانەکانی دیکە. لەگەڵ کۆکردنەوە و لێکدانەوەی زاراوەکە لەڕووی داڕشتن و چۆنیەتی دەربڕینەوە.

ئەگەر بۆ مێژووی زانستی زاراوە بگەڕێینەوە، مێژوویەکی هێندە کۆنی نییە، هەوڵی زۆر هەن لەو بوارەدا، بەتایبەت کاتێک دەبێتە لقێک لە لقەکانی زمانەوانی پراکتیکی. بەڵام هێندێک لە توێژەران سەرەتاکانی ئەم زانستە بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێننەوە، بە تایبەت لە کتێبی (کۆمار)ی ئەفلاتوون و کتێبی (هونەری شیعر)ی ئەرەستۆ. بۆ نموونە کاتێک ((ئەفلاتوون بە قوتابییەکانی دەڵێت: با بە یۆنانی قسە بکەین. مەبەستی لە قسەکردن، هەموو زاراوەیەکە، بە شێوەیەکی ڕوون لە مێشکدا بچەسپێت.)) [بوشیخی: 9] ئەرەستۆش لە کاتی قسەکردنی لەبارەی بیرکردنەوەی سۆفستاییەکان، ئاماژە بە هێندێ زاراوە دەکات، کە سۆفستاییەکان بەکاریان هێناوە و بە هۆیانەوە کاریگەریان لەسەر ئاکار و بیرکردنەوەی گەنجەکان داناوە. لە دوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە ئەورووپا، بەتایبەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەدا بیرمەندی ئەڵمانی کریستیان کۆتفرێد شوتز (1747- 1832) گرینگی زۆر بە زانستی زاراوە دەدات. بەڵام وەکوو زانستێک سەرەتاکانی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. بۆ ئەمەیش دەکرێ سێ قوتابخانەی فیکری جوایەز دەستنیشان بکەین:

## یەکەم: قوتابخانەی ڤییەنا

ئەم قوتابخانەیە ئەندازیاری نەمساوی (فیستەر) دایمەزراند، بەتایبەت دوای پێشکەشکردنی تێزەکەی لە زانکۆی بەرلین بە ناونیشانی (یەکبوونی نێودەوڵەتی بۆ زمانی هونەری) لە ساڵی 1931دا. ئەم ئەندازیارە لە ڕەهەندێکی فەلسەفییەوە بۆ زانستی زاراوەی دەڕوانی، بەوەی هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بە سروشتی زاراوەکان. بە بڕوای ئەو ((توێژینەوە لە زاراوەکان هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە پێوەندیی نێوان زاراوەکان، تایبەتمەندی و پێناسەیان، پاشان داڕشتنەوەی ئەو زاراوانە.)) [القاسمی: 2008: 271]

## دووەم: قوتابخانەی پراگ

ئەم قوتابخانەیە هەڵقوڵاو و درێژەپێدەری قوتابخانەی زمانەوانی پراگە، لە هەناوی ئەوەوە گەشەی کردووە. لە ڕوانگەی ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیەوە زاراوەکان بەش و پارچەیەکی تایبەت لە دەربراوە زمانییەکان پێکدەهێنن. بۆیەش ئیشکردن لەم بوارە پێویستی بە کەرەسەکانی ئاخاوتن نییە، بەڵکوو پێویستی بە کەرەسەکانی فەرهەنگسازی هەیە.

## سێیەم: قوتابخانەی ڕووسی

ئەم قوتابخانەیە لەلایەن دوو ئەندازیاری ڕووسی چاپلیگن Caplygin و لۆت Lotte دامەزراوە. ئەوان لە ڕوانگەیەکی بابەتییەوە لە زاراوەیان دەڕوانی. بۆ نموونە کێڵگەی واتایی زاراوە لە کنیان گرینگ بوو. ((ئەم قوتابخانەیە بە قوتابخانەی ڤییەنا کاریگەر بوو، بەوەی زاراوەکان لەڕووی شێواز و دابەشکاری و ڕێکخستنەوە پۆلێن بکرێن، لەڕووی ڕیکخستنی ئەلفبێوە، ڕەچاوی شێوازی فەرهەنگییان نەدەکرد.)) [القاسمی: 2008: 272]

هەر تایبەت بە مێژووی ئەم زانستە، دەکرێ ئاماژە بۆ چەند ناوەندێکی توێژینەوەی تایبەت بە زاراوە بکەین. ئەمانە کۆمەڵێ ناوەند و زانکۆی زانستیی تایبەت بەو بوارەن:

1- لە نەمسا لەسەر بناغەی کارەکانی فیستەر ناوەندێکی تایبەت و کتێبخانەیەکی گەورە بەو بوارە کراوەتەوە. لە سەرەتای دامەزراندنییەوە توێژینەوەی لە بواری زاراوەناسیدا تێدا دەکا، لەوانە گوزارشتکردن لە جیهانی مرۆڤەکان بە وشە.

2- لە وڵاتی چیک: ئەکادیمیای چیکی، کە سەر بە قوتابخانەی پراگ بوو، توێژینەوە لەم زانستە دەکات، بۆ ئەمەیش چەندین کۆڕبەندی جیهانی تایبەت بەم زانستە لە پەیمانگای باڵای چیکی ساز کردووە. گرینگترینیان ئەو کۆڕبەندانەی کۆلێژی کشتوکاڵ ئەنجامی دا، تێیدا کۆمەڵێ توێژینەوەی گرینگ لە سالانی 1966- 1971 1972 پێشکەشکران.

3- لە کەنەدا: بەهۆی ئەوەی هەردوو زمانی ئینگلیزی و فرەنسی لە خوێندن و کارگێڕیدا بەکاردێن، بۆیەیش ناوەندەکانی توێژینەوە لە زاراوەناسیدا زۆر چالاکن. کەنەدا لە هەوەڵین ئەو وڵاتانەیە کە بانکی زاراوەی دامەزراندووە. بۆ ئەمەیش سالانە دەیان کۆڕبەند ساز دەکرێن.

4- لە فرەنسا: لەم وڵاتەیش کۆمەڵێ ناوەندی توێژینەوەی فەرمی هەن، لەوانە: لێژنەی فرەنسی بۆ توێژینەوەی زاراوەی نوێ و هاوچەرخ، کۆمەڵەی فرەنسی بۆ وەرگێڕان. بۆ ئەم مەبەستە لێژنەی باڵا بۆ زمانی فرەنسی لە ساڵی 1975دا کۆمەڵەی فرەنسی بۆ زاراوەکان دادەمەزرێنێ.

5- لە ڕووسیا: یەکێتیی سۆڤیەت پێش کەوتنی لە ساڵی 1991دا گرینگی زۆری بە زاراوەناسی داوە، بە هۆی ئەوەی وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە. بۆ ئەم مەبەستە: ئەکادیمای زانستیی سۆڤیەتی، لێژنەی زانستی و هونەری بۆ زاراوە دامەزراند.

بە داخەوە تاکوو ئێستا لەناو کورد هیچ دەزگا و ناوەندێک بۆ ئەم بوارە تەرخان نەکراوە. هەرچەندە کۆڕی زانیاری کورد لە سەرەتای سالانی حەفتای سەدەی ڕابردوو کە دامەزرا کۆمەڵێ کاری کرد، بەڵام کارەکان لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا بوون. هاوکات هێندێک هەوڵی تاکەکەسی دراون. دوای ساڵی 1991، کاتێک نیمچە ئازادییەک لە هەرێمی کوردستان بەرقەرار دەبێت، دوو ناوەند بۆ لێکۆڵینەوەی کولتوور و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی دادەمەزرێنرێن. مەڵبەندی کوردۆلۆجی لە سلێمانی و ئەکادیمیای کوردی لە شاری هەولێر. بە داخەوە لەم ڕووەوە تاکوو ئێستا پرۆژەیەکیان ئەنجام نەداوە جێی باس بێت. هەردوو ناوەندەکە لە ڕووی جوگرافییەوە دابەشکراون. هەریەکەیان حیزبێکی لە پشتەوەیە. ئەمەیش وا دەکات سنووری ئیشکردنیان لۆکاڵی بێت. هەر یەک لەم ناوەندانە نەک هەر بەشێک، لقێکی تایبەت بە توێژینەوەیان لە زاراوەی زمانی کوردی نییە، هیچ پرۆژەیەکیان نەبووە. سەرەڕای ئەوەی بودجەی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەگەر هەوڵی تاکەکەسی نەبێت، ئەوا فەرهەنگ و توێژینەوەمان لە زاراوەی کوردی نابێت. بۆ نموونە (فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی)ی عەلی نانەوازادە، هەوڵێکی زۆر زانستی و ناوازەیە. زۆر هەوڵی دیکە هەن، بەڵام ڕەچاوی لایەنی زانستی زاراوە و مێتۆدییان نەکردووە. بۆ ئەمەیش بێگومان لایەنی کەمتەرخەم ناوەندە ئەکادیمییەکانن. لە زانکۆکان تاکوو ئێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمیمان تایبەت بەو بوارە نییە، ئەوەی هەشبێت زۆر سەرەتایی و سادەیە. دەمەوێ بڵێم تاکوو ئێستا زانکۆکان لەم بوارەدا مێتۆد و ڕێیەکیان بۆ توێژینەوە لەو بوارە دانەناوە. تەنانەت نەبوونەتە شوێنێک بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لەو بوارەدا، کە ئەرکی ئەوانە.

پەراوێز:
- الشاهد بوشيخي، مصطلحات نقدية وبلاغية في كتاب البيان والتبيين للجاحظ، دار القلم للنشر والتوزيع، ط2،
- القاسمی (علی): 2008: علم المصطلح : اسسه النظرية وتطبيقاته العملية، مكتبه لبنان ناشرون، بيروت.

Concise Oxford English Dictionary, Oxford University Press, New York, 2002.

# چێژی بیرەوەری لە جەنگەڵە ئەفس

**سەنگەر زراری**



دارستانەکانی ئامازۆن، یەکێکە لەو شوێنە پەنهان و ئەفسانەییانەی دونیا کە تا ئێستاش زۆر لایەنی بە نادیاری ماوەتەوە و زانیاری کەمی لەبارەوە هەیە، ئەوەندە دەزانرێ کە مرۆڤی خوێنخۆر و مرۆڤخۆر و زیندەوەر و ئاژەڵی دڕندەی زۆری لێیە، تەنانەت دەگوترێ نیوەی زیندەوەر و گیاندارانی جیهان لەوێن و نیوەی ئۆکسجینی دونیاش بەهۆی دار و درەختە چڕوپڕەکانی ئەوێوە دابین دەکرێ.

بەهۆی ئەوەی کەسانی ئاسایی شارستانی ناوێرن بچنە ئەم شوێنەوە و تەکنەلۆژیای نوێ نەگەیشتووەتە ناوچەکە، ئەم ناوچەیە بە پەنهانی ماوەتەوە، نەک بۆ ئەو کیشوەر و وڵاتانەی لەم ناوچەیەوە دوورن، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە زۆر لەوێوە نزیکن، بۆ نموونە ئەوەتا خاوەن چێشتخانەیەک لە بەڕازیل و لە نزیک ئەم دارستانە دەڵێت: "ئاخر هۆزی ژنانی ئامازۆن ئەفسانە و درۆیە، من بەدرێژایی تەمەنم نەمبیستووە کەسێک بڕواتە ئەوێ، ئەگەر ڕۆیشتبێتیش زیندوو نەگەڕاوەتەوە...ل 769".

کەواتە ئەگەر ئەم کتێبە "شەش ساڵ لەناو ژنە وەحشییەکانی ئامازۆن" ڕووداوێکی ڕاستەقینە بێت کە گوایە بیرەوەری گەنجێکی ئەمەریکییە، یان ڕاستتر بیرەوەری دوو کەسە (گەنجەکە و هاوکارەکەی)، ئەوە کتێبەکە لە چەندین ڕووەوە گرنگە، لەڕووی ئەوەی کە ئەم دوو کەسە، لەو کەسە دەگمەنانەن بەناو ئەو هەموو سەرکێشییانەدا ڕۆیشتوون و بەسەلامەتی گەڕاونەتەوە، لە ڕووی ناساندنی بەشێکی سروشتی ناوچەکە بە جیهان و لەڕووی کردنەوەی مێشکی خوێنەر بەڕووی دنیایەکی فراوانی ئاژەڵ و مرۆڤ و سروشتی مرۆیی جیاوازدا.

بەڵام نایشارمەوە کە من گومانم لە ڕاستیی ڕووداوەکانی ئەم کتێبە هەیە، نووسەری کتێبەکە، نووسەری بەناوبانگی فارس مەنوچێهری موتیعییە، لە کتێبەکەشدا ئاماژە بەوە دراوە کە کتێبەکە لە یاداشتەکانی کەسێک ئامادە کراوە، شەش ساڵ لەناو دانیشتووانی ئامازۆندا ژیاوە و لە کۆتاییدا لەناویان ڕزگار بووە.

بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕوونکردنەوەی زیاتر نەدراوە لەسەر ئەوەی کە ئەم بیرەوەرییانە چۆن گێڕدراونەتەوە و نووسەرە فارسەکە چۆن یاداشتی کردوون و ئامادەی کردوونەتەوە، لەکاتێکدا بۆ نموونە ئەگەر نووسەر ئەم کتێبەی لە یاداشتی کەسێکی دیکەوە ئامادە کردبێ، دەبوو پێشەکییەکی ڕوونکردنەوەی بۆ نووسیبا لەبارەی چۆنیەتی ئامادەکردن و بەیەکگەیشتنی لەگەڵ کەسایەتییە سەرەکییەکەی ئەم چیرۆکە و چۆنیەتی نووسینەوە و کارکردن بۆ کتێبەکە.

جگە لەمە، نووسراوە: "ئەم کتێبە بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕدراوە و لە هەر زمانێک زیاتر لە دە جار چاپ کراوە و لە هەمان ڕۆژەکانی یەکەمی چاپ و بڵاوبوونەوەی، بەخێرایی فرۆشراوە...ل5". کەچی من ئەوەندەی لە ئینتەرنێت گەڕام بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی (کە دوو زمانی هەرە زیندوون) کتێبەکە نەبوو، تەنانەت هیچ زانیارییەکم لەسەر کتێبەکە دەستنەکەوت، ناشزانم ئەم پێشەکییە ڕوونکردنەوەی نووسەر خۆیەتی، یان ڕوونکردنەوەی دەزگای پەخش و وەشانەکەیە و بۆ ڕەواجپێدانی کتێبەکە نووسیویەتی؟!

بەهەرحاڵ... ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کتێبەکە ڕۆمانێک یان ڕووداوێکی خەیاڵییە و لەم ڕوانگەیەوە کتێبەکە بخوێنینەوە، ئەوە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لەڕووی گێڕانەوە و ڕووداوە



چڕوپڕەکانی و شارەزایی لە گێڕانەوە، یەکێکە لە کتێبە چێژبەخشەکان.

نووسەر و ڕەخنەگر فلیپ ئۆگتێل (Philipe Ougtel) پێیوایە

# ئەدەبیات لە خزمەتی سڕینەوەی کۆنییەکاندا




"مـن بـۆ کەسـێکی تایبـەت نانووسـم، بـەڵام بـۆ خوێنەرێکـی تایبـەت دەنووسـم کـە سەرکێشـە و حـەز بـە زمـان و فەنتازیـا و خەیاڵـی جیـاواز دەکات؛ دواجار خۆیشی دەگاتە حاڵەتێکی شیعری و کتێبەکەم هەڵدەداتە نـاو لافاوێـک لـە خوێـن، کـە بێگومـان خوێنـی دڵیەتـی. مـن بـۆ هـەر رۆمانێـک یـەک تاکە خوێنـەری وام هەبـێ، دەتوانـم درێـژە بـە نووسـین بـدەم."

ئەمـە یادداشـتێکی جەبـار جەمـال غەریبـە لەسـەر بەرگـی یەکێـک لـە رۆمانەکانـی بەنـاوی کتێبـی پێنجـەم.

کاتێـک وتـاری رەخنەگرێکـی ئەدەبیی فـارس (سـەید ئیحسـان زادەسـەید) م بینـی، کـە لەسـەر کتێبـی پێنجەمـی جەبـار جەمـال غەریـب (هەڵبەتـە لەسـەر وەرگێـڕدراوە فارسـییەکەی بـە نـاوی ئەسـفاری سـەرگەردانی) نووسـیویەتی، زانیـم نووسـەری ئـەم وتـارە، هەمـان ئـەو خوێنەرەیـە کـە جەبـار جەمـال غەریـب باسـی دەکات.

وتارەکـە بـە نـاو، رەخنەیەکـی ئەدەبییـە لەسـەر رۆمانەکـە، بـەڵام خـۆی بـە هەمـوو پێناسـەکانی ئـەدەب، دەقێکـی بـەرزی ئەدەبییـە کـە وێـڕای تێڕوانینـی قـووڵ و شـیکارییانەی ئەدەبـی، هێنـدەی خوێندنـەوەی غەزەلێـک یـان پەخشـانێکی دڵبزوێـن، چێـژ بـە خوێنـەر دەدات.

نووسـەری وتارەکـە، هەنـگاو بـە هەنـگاو و بـە شـێنەیی، لەگـەڵ زیادکردنـی وەسـف و ئاوەڵنـاوی تایبـەت و نـوێ و پڕواتـا لـە هـەر هەنگاوێکـدا، ئەدەبیاتێکـی بـەرز و راسـتەقینە و دەربەسـت پێناسـە دەکات؛ پاشـان بـەو باڵا بەرزەیـەوە، لەبەرامبـەر ئەدەبیاتێکـی نزمـی کورتیلـەدا دایدەنێـت کـە بـە ریزکردنـی بەخێرایـی و لـەدوای یەکـی چەندیـن ئاوەڵنـاوی نەخـوازراو و نەرێنـی ئەویـش پێناسـە دەکات. لـە کۆتاییشـدا ئەسـفاری سـەرگەردانی (کتێبـی پێنجـەم) بـە نموونـەی بەرچـاو و سـەرکەوتووی ئـەو ئەدەبـە راسـتەقینە باڵابـەرزە دەهێنێتـەوە.

رەنگـە هـەر ئـەم وتـارە نموونەیـەک بێـت لـە جیدییەتـی خوێنـەری ئێرانـی لـە خوێندنـەوەدا، بۆیـە هەرهەوڵێکـی وەرگێڕانـی بەرهەمـی باشـی نووسـەرە کـوردەکان بـۆ سـەر زمانەکانـی دیکـە و بەتایبـەت فارسـی، هەنگاوێکـی گەلێـک پێویسـت و جێـگای دڵخۆشـی بـۆ نووسـەر و دەستخۆشـی بـۆ وەرگێـڕە باشـەکانە.

**سەید ئیحسان زادەسەید***

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شادی نیکخا**

ئەدەبیاتـی مکوڕ(عینـاد) ڕێگـە نـادات زەیـن لـەو بەرزاییانـەدا بفڕێـت کـە تائێسـتا بـە جـاران و بـە جـاران، هێنـدەی رۆژەکانـی ژیـان، بینیونـی و ئەزموونـی کـردوون.

**(ئەسـڵی ئەدەبیـات)**، دەسـتی بەردەنـگ دەگـرێ، دەسـت بـە باڵەکانیـدا دێنـێ، زەینـی پـڕ دەکات لـە خولیـای فڕیـن و لـە یـەک سـاتی پێشـبینینەکراودا، لـەو بەرزاییـەوە پاڵێکـی پێوەدەنێـت و بەردەنـگ تـا بەخۆیـدا بێتـەوە، خـۆی لـە سـەروو ئـەو ئاسـتەوە دەبینـێ کـە لـە دوایـن وێسـتگەیدا لەسـەر زەوی، قاچـی لەسـەری بـووە. پاشـان (ئەسـڵی ئەدەبیاتـی - هـاوەڵ لەگـەڵ فڕینـی بەردەنـگ)، گۆشـەنیگای بەردەنـگ لـەو بەرزاییـە و هەمـوو ئـەو رەگـەز و تۆرەمانـەش کـە هەمیشـە ناسـیونی، فـڕێ دەداتـە سـووچێک و بـەرەو قووڵایـی ئـەو پێکهاتـە تازانـەی دەبـات کـە تـا ئێسـتا ئەزموونـی نەکـردوون.

**(ئەسـڵی ئەدەبیاتـی- هاوەڵـی – کۆنیسـڕەوە)**، لـە ڕێچکـەی فڕینـی بەردەنگـدا، دڕ بـە ئاسـۆکان دەدات، هـاوکات و لـە یـەک جـاردا، مێـژوو و فەلسـەفە، هونـەر، ئوسـتوورە و سیاسـەتی فێـر دەکات و هەرچـی کـە تائێسـتا نەکەوتووەتـە بـەر چـاو و زەینـی ئـەو، بـە گوێیـدا دەیچرپێنـێ و باڵەکانـی لـە پەیکـەرەی ئوسـتوورەکانی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا دەسـوێ و بـە دانـە و تـۆوی بەپیتتریـن ژینگەکانـی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا میوانداریـی لێدەکات. هـەر لـە هەمـان سـاتدا بەنێـو زەینـی ئوسـتوورەکاندا دەیبـات و هەرچـی نەبینراو هەبـووە و تـۆزی خـووە زەمینییەکانـی لەسـەر نیشـتووە، بـە باڵەکانـی خـۆی دەیانسـڕێتەوە و تیفتیفەیـان دەدات و لـە هەمـان ئانـدا، دەسـتێک بـە چـاوی بەردەنگـدا دێنـێ و پـەردە لێڵەکانـی لەسـەر لادەدات.

**(ئەسـڵی ئەدەبیاتـی – هاوەڵـی- کۆنیسـڕەوەی – سەرسـامیبزوێنی – تیفتیفـەدەر)**، بەشـێوەی ئامێرێکـی دیجیتاڵـی واوەهەسـتیار، ئاسـتی بەرزایـی بەردەنـگ لەسـەر مایکرۆمەترەکانـی هەڵکشـان و داکشـان رێکدەخـات. دەڵێـی لـە پێشـتەرەوە ئاگادارە کـە ترپـەی دڵـی بەردەنـگ لـە فـلان لاپـەڕە و فـلان دێـڕدا، تـا چەنـدە خێـرا یـان خـاو دەبێتـەوە و بـە زاڵبوونـی بەسـەر تایبەتمەندییـە رۆحییەکانـی (بەردەنگـێ لـە- فڕینـدا) تەڕدەسـتی و سـیحربازیی خـۆی لـە یەکخسـتنی ئـەو دیمەنانـەدا کـە بـە زەینـی بەردەنگـدا تێدەپـەڕن، ئاشـکرا دەکات. ئـەو دەزانـێ کـە بەردەنـگ لـەم ئانوسـاتەدا چیـی دەوێ و دەبـێ چ هەسـتێک بڕژێنێتـە نێـو گـەڕی ڕۆح و سـووڕی خوێنـی بەردەنگـەوە.

**(ئەسـڵی ئەدەبیاتـی – هاوەڵـی – کۆنیسـڕەوەی – سەرسـامیبزوێنی- تیفتیفـەدەر و ڕۆحبەخـش)**، لەگـەڵ خۆیـدا یاریدەدەرێکـی هەیـە کـە گـەر لـە (بەردەنگـێ لـە- فڕینـدا) خافـڵ بێـت، لـە واتـای بڕگـە و پیتەکانـی تێنـاگات. کەوایـە هەمیشـە ئەرکـی گواسـتنەوەی خـۆی، بـە کەسـێک دەسـپێرێ کـە هـەم رەسـەنایەتیناس بـێ و هـەم بەردەنگنـاس و جێگـرەوەی ئـەو فڕۆکەوانـە بـێ کـە جڵـەوی فڕینەکـە دەداتـە دەسـتی یاریـدەدەرە ئەمینەکـەی خـۆی.

ئەسـفاری سـەرگەردانی (پێنجەمیـن کتێـب) لـە نموونـە هـەرە کەموێنـە و دەگمـەن و ڕوولـە نەمانەکانـی **(ئەسـڵی ئەدەبیاتـی - هاوەڵـی – کۆنیسـڕەوەی – سەرسـامیبزوێنی- تیفتیفـەدەر و ڕۆحبەخشـی- ئەنجامـی ڕێناسـیی فڕۆکـەوان ویاریـدەدەری ئەمینـی فڕۆکـەوان)**-ە لـە سـەردەمی ئێمـەدا.

ئەگـەر خولیـای زیندوومانـەوە و هەناسـەدان و **(ئەسـڵی ئەدەبیاتـی- هاوەڵـی- کۆنیسـڕەوەی – سەرسـامیبزوێنی- تیفتیفـەدەر و ڕۆحبەخشـی- ئەنجامـی ڕێناسـیی فڕۆکـەوان ویاریـدەدەری ئەمینـی فڕۆکەوانـی–هـەرە دەگمـەن)**، لەسـەر کەسـێکدایە، تاوێکیـش دواکەوتـن بـۆ خوێندنـەوە و فڕیـن بـە ڕەوا نابینـێ و حوکمـی **(نائەدەبیاتـی – بێمەعریفـەی - پاتەوەبـووی- پووچـی – ژەنگئافرێنـی- مەرگبزوێنـی – بەلارێداچـووی- تەفـرەدەری- هەڵـڕژاو لـە هەمـوو بازاڕێکـدا)**، جێبەجـێ نـاکات.

گوێـی ڕۆژگاری ئێمـە لـە دەنگـی **(نائەدەبیاتـی ...)** پـڕە و گوێـی ئێمـەش. بـەڵام هیچکـەس سـۆراخی چرپـەی بـاران نـاکات. گوێیـەکان چیـدی دەنگـی باڵـی فریشـتەکان نابیسـتن، ڕۆحـەکان بەرزتـر لـە نیرگـەی بنمیچـی ماڵـەکان نافـڕن و ئەمـە سـەرەنجامی ئـەو کەسـانەیە کـە قۆڵیـان لـە کۆچپێکردنـی (ئەسـڵی ئەدەبیاتـی...) هەڵماڵیـوە.

ئەسـفاری سـەرگەردانی، دەسـتپێکی پچڕانـی ئـەو زنجیرانەیـە کـە ئێمەیـان بـە قووڵایـی زەویـدا داکوتـاوە، ئـەو زنجیرانـەی کـە تەنانـەت ناهێڵـن زەوییـش ببینیـن، وەک ئـەوەی قفڵێکیـان لـە چاوەکانیـش دابـێ.

ئەسـفاری سـەرگەردانی **ئاگـرە**؛ کـە تـا نزیکـی چـاو دێـت، بـەڵام بـۆ تواندنـەوەی ئـەو قفڵـەی بـۆ چاوەدێریـی چـاوەکان دانـراوە. ئاگرێـک کـە لـە خۆڵەمێشـەکەی، قەقنەسـی گیـان لەدایـک دەبێـت.

ئەسـفاری سـەرگەردانی ئـاوە؛ بـەڵام بـۆ شـۆردنەوەی ئـەو تـۆز و غوبـارەی ڕۆح، کـە هێنـدەی هەمـوو سـاڵەکانی ژیـان لەسـەری نیشـتووە، بـۆ شـۆردنەوەی ئـەو تـۆزە کـۆن و سـەختانەی کـە شـۆردنەوەیان لـە دەسـتی هـەر ئاوێـک نایـەت.

ئەسـفاری سـەرگەردانی **خاکـە**؛ بـۆ ئەسـپەردەکردنی ئـەو سەرلێشـێواوییانەی کـە هەرگیـز وەڵامێکمـان بـۆ ڕێچکەپێدانیـان نەدۆزیوەتـەوە و هەمـان ئـەو خاکەیـە کـە تـۆوی مرۆڤایەتیـی تێـدا دەچێنرێـت و خوانـی نـازو نیعمـەت بـۆ بەردەنـگ ڕادەخـات.

ئەسـفاری سـەرگەردانی **بایـە**؛ بایەکـی بەتیـن و تـاو کـە تەنیـا دڕک و داڵـەکان بـژار دەکات و دەیانبـات. بایـەک کـە هەواڵـی گۆڕینـی وەرزی بەردەنگـی پێیـە، وەک هەورەبرووسـکەیەک، بـۆ باڵادەسـتی و زاڵبوونـی ڕۆح.

ئەگـەر بـۆ فڕیـن ئامـادەن، فڕینێـک کـە هـەم زەوی ببینـن (و مێـژوو و ئوسـتوورە و جوگرافیاکـەی)، هـەم بەرزایـی بڵنـدی فڕیـن (و ڕۆحـە – بڵنـدە- لـە زەوی دابـڕاو و ئـازاد لـە ئاسـمانەکاندا) و هـەم زۆر بەرزتـر لـە بەرزتریـن توانـای فڕینتـان (و بینینـی ئـەو هەورازانـەی کـە تـا ئێسـتا بیرتـان لـە بوونیشـیان نەکردووەتـەوە)، ئـەوا دەسـتی ئەسـفاری سـەرگەردانی بـە دەسـتی ئێـوە و، دەسـتی ئێـوە بـە دەسـتی ئەسـفاری سـەرگەردانی دەسـپێرم.

**تێبینی:**
بەردەنگێکـی فارسـی زمـان نییـە کـە نەیبیسـتبێ "هەرچـی لـە دڵـەوە بێـت، دەچێتـە دڵـەوە". ڕەنگـە نووسـەری ئەسـفاری سـەرگەردانی (جەبـار جەمـال غەریـب) ئـەم ڕسـتە فارسـییەی نەبیسـتبێ و نەزانـێ کـە ('لـە- دڵـەوە- هاتووەکـەی) چووەتـە دڵـەوە؛ بـەڵام بـاش دەزانـم وەرگێـڕی ئـەم کتێبـە، وەرگێڕانێکـی لـە دڵ و گیانـەوەی کـردووە بـۆ بەرهەمەکـەی جەبـار جەمـال غەریـب، بۆیـە ئـاوا بـە قووڵایـی ڕۆحـدا ڕۆدەچـێ و دەچێتـە پێشـەوە.

- ئـەم وتـارە بـە قەڵەمـی رەخنەگـری ئێرانـی سـەید ئیحسـان زادەسـەید، لـە لاپـەڕە 12ی ژمـارە 6928 ی ڕۆژنامـەی ئیـران، لـە تـاران بڵاوبووەتـەوە
- ئەسـفاری سـەرگەردانی بـە وەرگێڕانـی ڕەزا کەریـم موجـاور لەلایـەن وەشـانخانەی ئەفـرازەوە لـە تـاران سـاڵی 2016 چـاپ و بڵاوبووەتـەوە.
- ڕەزا کەریـم موجـاور هەروەهـا ڕۆمانـی (دونیـا لـە کتێبێکـدا)ی جەبـار جەمـال غەریبیشـی بـە گۆڕینـی ناوەکـەی بـۆ (کتێبێـک کـە بـوو بـە سـیمورغ) بـۆ زمانـی فارسـی وەرگێـڕاوە کـە سـاڵی 2016 لـە لایـەن وەشـانخانەی بووتیمـار لـە تـاران چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.

* **رەخنەگری ئەدەبی**

# ...انەییەکانی ئامازۆندا



پەیوەسـتبوونی ڕۆمـان بـە دونیـای وێنـە و سـینەما، بـووە هـۆی ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆر خـوازەی زمانەوانـی دروسـت بـن کـە سـەروکاریان لەگـەڵ وێنـەدا هەیـە، بـۆ نموونـە وەسـفی بـە چـاو بینـراو، ئـەم جـۆرە وەسـفە بـەوە پێناسـە دەکات کـە تەکنیکێکـە بـۆ وەسـفکردنی کـەس و شـوێن و دیمـەن و بەشـە بچووکەکانـی دیمـەن و دیاردەکان، وەکـو ئـەوەی تابلـۆ یـان وێنـەی بینـراو بـن. بەبۆچوونـی ئۆگتێـڵ، ئـەم جـۆرە وەسـفە دەبـێ بەجۆرێـک بێـت کـە بتوانـرێ بکرێتـە وێنـە یـان هـەر کارێکـی دیکـە کـە بـە چـاو ببینـرێ.

لـەم سـۆنگەیەوە نووسـەری ئـەم کتێبـە توانیویەتـی بەجۆرێـک ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و وەسـفی شـوێن و دیمەنـەکان بـکات، کـە خوێنـەر بتوانـێ لـە خەیاڵـی خـۆی وێنـەکان بخولقێنـێ و ئەگـەر ویسـتیش هەبـوو بەسـانایی دەتوانـرێ بگۆڕدرێـت بـۆ وێنـەی بینـراوی جـووڵاو و نەجـووڵاو و تەنانـەت بـێ زیادەڕۆیـی دەتوانـرێ فیلـم و زنجیـرە درامـای نایابـی لـێ بەرهـەم بهێنـرێ.

کتێبەکـە باسـی گەنجێکـی ئەمریکاییـە کـە دوای تەواوبوونـی خوێنـدن لـە بەشـی مرۆڤناسـی و خوێندنـی پەیوەسـت بـە ژیـان و زمانـی جەنگەڵـەکان، کەسـێک دەناسـێ بەنـاوی "یـوری" کـە شـارەزایی لـە جەنگـەڵ و شـوێنی ژیانـی مرۆڤـە وەحشـییەکان هەیـە، بەهـۆی بێکارییـەوە بڕیـار دەدات گەشـت بـۆ جەنگەڵـی ئامـازۆن بـکات و وەکـو لێکۆڵینـەوە و بەدواداچوونـی پسـپۆڕییەکەی خـۆی سـوودی لێوەرگـرێ، بـەڵام قـەدەر شـتێکی دیکـەی بـۆ پێشـدێنێ و سـەفەرەکەیان شـەش سـاڵ دەخایەنـێ، لەوێـش تووشـی چەندیـن ڕووداوی خـۆش و ناخـۆش و مەترسـی گـەورە دەبنـەوە و لـە کۆتاییـدا دەگەڕێنـەوە وڵاتەکەیـان (ئەمەریـکا).

کتێبەکـە بەشـێوازێکی ئەوەنـدە درامـی و سـەرنجڕاکێش ڕووداوەکان دەگێڕێتـەوە، کـە بەتـەواوی خوێنـەر لەگـەڵ خـۆی دەبـا، هەروەهـا کاراکتـەرە سـەرەکییەکە وەکـو ئـەوەی بیـەوێ بـە وشـە دیمەنـەکان بەشـێوەیەکی سـینەمایی لـەلای خوێنـەر دروسـت بـکات و پێشـانی بـدات، دیمەنـەکان دەگێڕێتـەوە، لەمەشـدا سـەرکەوتوو بـووە و خوێنـەر ناتوانـێ بەدوایـدا نـەڕوات.

لـە نواندنـی سینەماییدا، دەبـێ کاراکتـەر، بەتایبەتیـش کاراکتـەری سـەرەکی، بتوانـێ بەشـێوەیەکی سروشـتی و بـێ زۆرلەخۆکـردن ڕۆڵەکـەی بنوێنـێ، بۆئـەوەی خەڵـک بـاوەڕی پـێ بکـەن، لـەم کتێبـەدا هـەردوو کاراکتـەرە سـەرەکییەکە ئـەم ڕۆڵەیـان بەرجەسـتە کـردووە، بـەڵام وەکـو چـۆن لـە سـینەمادا بینـەر دەزانـێ ئەمـە فیلمـە و دروسـتکراوە و واقیعـی ڕاسـتەقینە نییـە، بـە هەمـان شـێوەش لـەم کتێبـەدا هەسـت بـە جۆرێـک لـە نواندنـی سـینەمایی دەکرێـت، بەتایبەتیـش ڕزگاربوونـی لەنـاو ئـەو هەمـوو شـەڕ و ئـاژاوە و گیانلەبـەرە دڕندانـەی کـە لـە جەنگەڵەکانـدا هـەن، هەروەهـا لـەو شـەڕانەی کـە باسـیان دەکات و تێیانـدا بەشـدار بـووە. بەگوێـرەی گێڕانـەوەی ئـەو، لـەو ماوەیـەدا بـە هـەزاران کـەس کـوژراون، بـەڵام ئـەوان (خـۆی و برادەرەکـەی) بـە زیندوویێتـی لێـی هاتوونەتـە دەرەوە، تەنانـەت هەنـدێ لـە دیمەنەکانـی بەتـەواوی وەکـو فیلمـی ئەکشـن وان و لـە واقیعـدا جێیـان نابێتـەوە، بـۆ نموونـە سـەیری ئـەم دیمەنـە بکـە: "ناچـار ڕەشاشـم لـە مـل کـرد و قەمـەم دەرهێنـا و ڕۆشـتمە پێـش، شـەڕێکی قـوڕس دەسـتپێکرد، لەگـەڵ ئـەوەی لئۆنایـان برینـدار کردبـوو، فریـای کەوتـم، چـوار کەسـم کوشـت و خـۆم پێگەیانـد...ل559"، ناشـێ کەسـێک بـەم ئاسـانییە چـوار کـەس بکوژێـت و خـۆی هیچـی بەسـەر نەیـەت، وەکـو ئـەوەی ئەوانـەی بەرامبـەری بێگیـان بـن و نەتوانـن هیـچ بکـەن، لەکاتێکـدا دەزانیـن ئـەو ڕووبـەڕووی مرۆڤـی وەحشـی بووەتـەوە و مەترسـیی ئـەوان زۆر لـە مەترسـی مرۆڤـی ئاسـایی زیاتـرە، کتێبەکـە دەیـان ڕووداوی لـەم جـۆرەی تێدایـە و جـاری وا هەیـە لـە هەرچـوار لاوە ڕووبـەڕووی سـەدان کـەس بوونەتـەوە و سەریشـکەوتوون، بۆیـە ئەمـە زیاتـر گومـان لەسـەر ئـەوە دروسـت دەکات کـە بیرەوەریـی ڕاسـتەقینە بێـت.

ئـەم کتێبـە ئەگەرچـی لـە هەنـدێ شـوێن زانیـاری بـە خوێنـەر دەدات لەبـارەی هۆزەکانـەوە، بـۆ نموونـە: "یوچیـەکان ڕەگـەزی ڕەسـەنی ئامازۆنـن و پێچەوانـەی ژنانـی ئامـازۆن کـە ڕەگـەزی تێکەڵیـان هەیـە، ئـەوان دەسـتلێنەدراو و ڕەسـەن ماونەتـەوە، لەبەرئەمـە خـووی وەحشـیگەریی خۆیـان وەک سـەرەتا پاراسـتووە، سـەرژمێرییەکی تـەواو بـۆ هۆزەکانـی یوچـی نەکـراوە، بـەڵام شـتێک کـە شـیاوی وردبوونەوەیـە ئەوەیـە، وەک هـۆزی پانچـۆ، ئاپاچـی، پونچـی و سـەرەنجام هـۆزی نـاودار و بەهێـزی پوچیـکا، کـە دانیشـتوانی زۆر و شـەڕکەری بێئەژمـاری هەیـە، زمانیـان یەکێکـە و بەتەنیـا زمانـی ڕەسـەنی ئامـازۆن دەژمێردرێـت و لـە تێکەڵبـوون لەگـەڵ زمانەکانـی تـر بـەدوور بـووە...ل538-537".

بـەڵام ئـەم زانیاریانـە لەچـاو قەبـارەی کتێبەکـە کـە دوو بەرگـە و کـۆی لاپەڕەکانـی هـەردوو بـەرگ 800 لاپەڕەیـە، کەمـە و دەرفەتـی ئـەوە هەبـوو زانیـاری زیاتـر بـە خوێنـەر بـدات.

*** شـەش سـاڵ لەنـاو ژنـە وەحشـیەکانی ئامـازۆن- مەنوچێهـری موتیعـی، وەرگێڕانـی: زاهیـر محەممـەد ڕەشـید، بەرگـی یەکـەم و بەرگـی دووەم، خانـەی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی چوارچـرا، چاپـی پێنجـەم (2017).**

# هیوا قادر:

# مەزنترین چارەڕەشی ئەوەیە توانای بینینی جوانیت نەبێت

مالْپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، هاوکات بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن. لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕووئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵە، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە سێیەم گفتوگۆماندا، هیوا قادر، شاعیر و ڕۆماننووس وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئا: ئەدەب و کولتوور**



**رووداو: ڕێک ئێستا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**هیوا قادر:** ڕۆمانی "ژن و مەیموون" لە نووسینی نووسەری دانیمارکی پێتەر هوێگ، ئەم ڕۆمانە لە بەهاری 1996دا بڵاوکراوەتەوە و نزیکەی 22 هەزار نووسخەی لە ماوەی سێ ڕۆژی یەکەمدا لێ فرۆشراوە. ئەم ڕۆمانە باس لە مەیموونێک دەکات لەلایەن قاچاخچییەکەوە دەبرێت بۆ بەریتانیا، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی بۆ بەندەرەکە هەڵدێت و دەچێتە ناو شارەوە، بەڵام دوای ماوەیەک دەگیرێت و دەبردرێتە ناو تاقیگەیەکەوە، لەوێ چەندان تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێت، دواتر چیرۆکەکان لەگەڵ ژنی خاوەن تاقیگەکەدا دەستپێدەکات.

**رووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**هیوا قادر:** چەند کتێبێکی زۆر لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانمدا وەک بوومەلەرزە منیان تێکوپێک داوە و دواتر لەژێر سایەی ئەواندا دووبارە خۆم درووست کردووەتەوە، برایانی کارامازۆف ـ ی دۆستۆیفسکی، سەدساڵ تەنهایی ـ گابریێل گارسیا مارکیز، گورگی پێدەشتی هێرمان هیسە، مامۆستا و مارگریتا ـ ی بۆلگاکۆف، ناوم سوورە ـ ی ئۆرهان پاموک و چەندانی تر.

**رووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**هیوا قادر:** کێشەی من ئەوەیە هیچ کاتێک ناتوانم بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر بیروبۆچوونێک بساکنێم و ڕازی لە خۆم و لە دونیا دانیشم. زۆر کتێب لە ژیانمدا بیروبۆچوونمیان گۆڕیوە و ئێستاش دەرگام کراوەیە بۆ هەموو ئەو کتێبانەی دێن و لە مێشکمدا کاری خۆیان دەکەن و دەڕۆن. لەناو ئەو کتێبانەی بە سۆزەوە هەمیشە یادی دەکەم، مامۆستا و مارگرێتای میخائیل بۆلگاکۆفە.

**رووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**

**هیوا قادر:** ڕۆمانی موبی دیک، لە نووسینی هرمان ملڤل، گەورەترین و جوانترین ڕۆمانێک تاکو ئێستا نووسرابێت لەسەر دەریا و نەهەنگ و کێبڕکێی مرۆڤ و ئاژەڵ، ئەم ڕۆمانەیە.

**رووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**هیوا قادر:** مامۆستا و مارگرێتای بۆلگاکۆف.

**رووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**هیوا قادر:** زۆر کتێب منیان گریاندووە، کەم کتێبی باش هەن نەیانگریاندبم، گریانی من بەدیار کتێبەکانەوە لەبەر غەمباریی چیرۆکەکانیان نییە، بەڵکە لەبەر دۆزینەوە نوێیەکان و خەیاڵە نوێیەکان و تەکنیکە نوێیەکانیانە. لەوانە تاوان و سزای دۆستۆیفسکی.

**رووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**هیوا قادر:** "سێبەری با"ی کارلۆس زافۆن. کاتێک ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە هەستم کرد خۆم نووسیومە هێندەم خۆشویست، بۆیە بە هەمان عەشقەوە لە سویدییەوە کردم بە کوردی، ئێستاش سەرقاڵی وەرگێڕانی "یاریی فریشتەکانم"، ئەمە کتێبی دووەمی ئەو چوار ڕۆمانەیە کە زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکن و من وەک نووسەر و وەک خوێنەر ئەم زنجیرە ڕۆمانەم خۆشدەوێت. بۆیە ئەم کتێبەش دەبەخشم چونکە هەستەکەم دیارییەکی زۆر بە نرخە، لە سندوقی کتێبێکی بچکۆلەی 600 لاپەڕەییدا، بەڵام دنیایەکی گەورەی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەڕەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە تا وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**رووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**هیوا قادر:** وا لە مرۆڤەکان بکەیت باوەڕیان بە خۆیان بێت.

**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**هیوا قادر**: ڕاستگۆیی، دەستودڵفراوانی، لێبووردەیی.

**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**هیوا قادر:** سادەیی، هۆشیاری، جوانی.

**رووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**هیوا قادر:** لە هۆشیاریدا هێندە غەمبارن، جوان بوون هههههە

**رووداو: حەزت لە چییە؟**

**هیوا قادر:** سەفەر و بەردەوام سەفەر.

**رووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**هیوا قادر:** شتێک نییە ناوی بەختەوەریی ئایدیاڵ بێت، شتە بچووکەکان وردە بەختەوەرییە ڕاستەقینە و کاتییەکانن، بەختەوەریی ئایدیاڵی درۆیەکی هەمیشەییە، مرۆڤەکان زۆر گوناهترن لەوەی هەست بەو فێڵی پاساوانە بکەن کە ژیانی خۆیانی لەسەر هەڵدەچنن، یان ئەو درۆیانەی خۆیان نازانن کە درۆیە، یاخود نایانەوێت بگەن بەو ڕاستیانەی کە پەردە لەسەر درۆکان هەڵدەماڵن، چونکە ئەگەری ڕووخانی دنیاکەیان هەیە، بۆیە زۆر جار بەشی هەرە زۆری مرۆڤەکان هێندە گوناهن لە کۆمەڵە ئەکتەرێکی ئەماتۆر دەچن لەسەر ئەم تەختە شانۆییە گەورەیەی ژیان، بێ هیوا و بێ خەون دێن و دەچن.

**رووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**هیوا قادر:** خاوەنی یەک حەقیقەت بیت، فەندەمەنتاڵ بیت، لەڕێی بیروباوەڕتەوە تووشی کوێری ببیت، خەونت نەبێت یان خەونەکانت زۆر بچووک بن، لە هەموو ئەمانەش چارەڕەشتر توانای بینینی جوانیت نەبێت.

**رووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**هیوا قادر:** لە نزیک دەریا، شوێنێک جەنگ و کوشتنی مرۆڤەکان وێرانیان نەکردبێت. ئەو شوێنەش ڕەنگە بۆ من هەر ناو کتێبەکان بێت.

رووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟

هیوا قادر: حەزم لە ڕەنگی مۆرە، حەزم لە گوڵەباخ و مێخەکی سپی و سوورە.

**رووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**هیوا قادر:** هێرمان هیسە، ساراماگۆ، مارکیز، پاموک، سترینباری، دۆستۆیڤسکی، بولگاکۆف...

**رووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**هیوا قادر:** ئەدۆنیس.

**رووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**هیوا قادر:** گۆڵدمان ـ ی هیرمان هیسە.

**رووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**هیوا قادر**: ئانا کارنینا ـ ی تۆڵستۆی.

**رووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**هیوا قادر:** ئارڤۆ پارت، شیگورۆ ئو میبە یا شی.

**رووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**هیوا قادر:** ساندرۆ بۆچیلی، فریدە کالۆ، گۆیا، ڤانکوخ، ئەندش.. زۆرن.

**رووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**هیوا قادر:** باران، یاران، سیسیلیا.

**رووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**هیوا قادر:** مردن. چونکە هەرگیز مردن هەق نییە.

**رووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**هیوا قادر:** داهێنەرتر بوومایە، شاعیرتر بوومایە.

**رووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**هیوا قادر:** بێ نەخۆشی و پیرییەکی لە پەلۆپۆخەر و خرفبوون، حەز دەکەم لە خەودا بمرم، بەیانییەک کە باران لە پەنجەرەکەم دەدات.

**رووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**هیوا قادر:** تا ڕادەیەک ڕۆحم ئارامە، لەگەڵ ئەو چەند کەسەی کە هەر خۆمم و لە سینە و سەرمدان هاویار و هاوڕێین. بەڵام زۆرینەی کات تووڕەم، تووڕەم لە کوردبوون و لە دڕندەیی مرۆڤ.

**رووداو: درووشمی تۆ چییە؟**

**هیوا قادر:** ئازادی، ئارامی، خۆشبەختی.

**رووداو: ئەگەر بتگەڕیننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**هیوا قادر:** دەمەوێت کورد نەبم ئەگەر ئیختیار بە دەست خۆم بێت، دەمەوێت پیاوێکی سەد هێندەی ئێستا زیاتر ژیاندۆستتر بم، کەسێک بم لە گوێگرتنە زۆرەکان لە "دڵ"ی خۆم، "سەرم" سەرەکۆنەم نەکات و پەشیمانم نەکاتەوە. پیاوی ناو سروشت بم، بۆنی خۆڵ و گیام لێبێت. نەنووسم، بەڵام خوێنەرێکی باشی شیعر و هاوڕێیەکی نزیکی مۆسیقا بم و چەندان زمانی دنیا بزانم. هەمیشە لە گەشت بم، بەردەوام بم لە بینینی کولتووری تر و مرۆڤەکانی تری سەر گۆی زەوی، لە خاکێکی نەناسدا بمرم و لاشەکەم بسووتێنن و خۆڵەکەم لەناو جارە نێرگزێکدا بدرێت بە دەم باوە.

> هیچ کاتێک ناتوانم بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر بۆچوونێک بساکنێم و ڕازی لە خۆم و لە دونیا دانیشم

> ئەگەر دووبارە لە دایک ببمەوە، حەز دەکەم کورد نەبم، ئەگەر نەشنووسم کێشەم نییە، بەڵام هاوڕێیەکی نزیکی شیعر و گوێگرێکی باشی مۆسیقا بم

> حەز ئەکەم لە خەودا بمرم، بەیانییەک کە باران لە پەنجەرەکەم دەدات